## خەون ... شە يدا بلّباس

سە رما وسۆڵی زستان تە نگی بە دانیشتووان هە ڵچنیبوو؛ بە فرو بە ستە ڵە ک و شە ختە ی سە ر ڕێ و بانان.. چلورە ی دە م گوێسە با نە کانیش، خە ڵکی زیاتر دە تۆقاند. شارێکی سارد وسڕ، بە دە گمە ن خە ڵکی بە سە ر شۆستە کان ڕێیان دە بڕی و لە شە قام دە پە رینە وە بۆ نزیکترین پە ناگە. چایخانە کانیش گڤە ی دە هات، هە ر دە تگووت جە ژ نیانە؛ خە ڵکی تێکڕا سە رقاڵی یاری و دووکە ڵ بە با کردن و باسی نە هامە تی ئە و سە رما یە، چڕیکرد بوونە وە.

ئێمە ی پە نابە ری بێچارە ش، هە ر دە بوایە خۆمان بگونجێنین و لە چاوە ڕێیدا دانبە جە رگی خۆمان بنێین. نامۆیش ئاوازی ئازارێکی بێکۆتایی، تە لی چرکە ساتی بیرە وە ریە کانی دە هە ژاندو لە نە هامە تی ژانی لێدە چۆڕا. شە وانی ئە م شارە مە رگە ساتبوو! هیچ شوێنکی سە رگە رمی تیا نە بوو. لە و هە رێمە زۆرە ملێیە دا روبە رو ی تە واوی دۆخە ناهە موارە کانی سروشت دە بووینە وە و کێشە ی لاساری و خۆپە رستیمانی لێکجیا دە کردە وە. گۆشە گیری و هیوا و خە یالی سە فە رێکی دوور؛ لە هە ناسە ماندا قلّپی دە خواردە وە.

ئە م ئێوارە یە، ئە گە رچی هیچ جیاوازیکی لە گە ڵ ئێوارە کانی تر نە بوو! بە بە رنامە هە میشە ییە کە ی؛ سە عە شێت دووبارە کردی بە قاوو برادە رانی لە خۆی گلدا و دیوە خانی گە رم وڕوویان خۆشتر بوو. سە عە هە موویانی بە بای بە هار هە ڵخە ڵە تاند؛ گوایە ڕوبارێکی قە راغ شار پێدە زانێت.. بە یانی بۆ ڕاوە ماسی؛ هیچ نە بێ هە وا گۆڕکێیە بکە ن! ئە مە جاری یە کە م نە بوو، سە عە شێت پە ندیان پێبدات. منیشیان قۆڵبە ست کردو بە زۆربە ی دە نگیش، بڕیار درا.

شە وچە رە ی باسە کانی ئە وشە وە مان بە گێڕانە وە ی بە سە رهاتی کۆن و قسە ی نە ستە ق و ئاخی لاکردنە وە ی دە رگای مێژوو؛ تا لە خۆشیدا هە رکە سە و لە شوێنکدا پە لاوژ بۆوە.. بە خە یاڵی ڕوبارو سنجاقی ماسی داوی خە یاڵیان بۆ شل کردبوو.

کاتێ گە ڕامە وە ژوورە قە لە ندە رخانە کە م، ویستم هە ر هیچ نە بێ سە ر خە وێک بشکێنم؛ بێ هودە بوو! کۆمە ڵە بیرێک جێگۆڕکێیان بە یە کتر دە کرد لە مێشکمدا؛ تا بیری ئە وشمشاڵ و دە ستە جلە کوردییە ی کە وە ک میرات لە گە ڵ خۆم دە مگێرا؛ گیرسایە وە.. کە چی شمشاڵە کە م بە شکاوی دە بینی! هە ڵسام بە نیازی قومە ئاوێ بخۆمە وە؛ لە پڕ هانام بۆ ئاوێنە کە ی سە ر دە ستشۆرە کە برد، تا سە یرێکی ڕوخساری خە واڵوم بکە م. سە یر بوو، سە رما ئاوێنە کە ی سڕ کردبوو؛ کە چڕی وێنە می تیاکۆنە دە کردە وە..! هە ربۆیە کشامە وە؛ پە رتووکی یاداشتی "رە فیق حیلمی" و تاو و تۆی پە ڕە کانی بووم، تا سە رنجم لە سە ر وێنە ی " شێخ مە حمودی نە مر" بە سە رسامیە وە ڕاگیربوو؛ خە نجە رە کە ی بە ر پشتێنی لە ناو وێنە کە دا نە مابوو! ئە م دیمە نە حە پە ساندمی..! بە ڵام لە کاتە دا نە دە زانی بڕوا بە چاوی خۆم بکە م؛ یا..؟!

تە قە لێدانی دە رگاکە ڕاچلە کاندم، سە رتاپام ئارە قە بوو؛ یە کسە ر زانیم دواکە وتووم.. بە پە لە دە رگام کردە وە تا هە روە ستە ێکم لە سە ر بکە ن؛ تاکو خۆم پۆشتە کە م و بە ڕێکە وین. برادە ران بە بینینیم، سە ر سوڕماو ماتە مین و ڕە نگ هە ڵبزرکاوی، سە رتاپای بوونیانی گۆڕی! وامزانی ئارە قاویم هە ڵگری ئە م دیمە نە یە. لە هە ناسە بڕکێی

بۆ قومه ئاوێک له ئاوێنه که نزیک بوومه وه؛ به شێوه ی ئاسایی چاوم له ئاوێنه کرد.. ئاوێنه قلیشا بوو؛ چیتر وێنه می تیانه ده بینرا..! که سه رنجی ده وروبه ریشم خوێنده وه و ئاوڕیان دایه وه، چاویان به و خه نجه ره که وت که له سه ر بڕبڕه ی پشتم به لای قۆلنجم ڕوو چوو بوو؛ زیاتر حه شاماته که سه رسامی کردم! له و چرکه ساته دا هه زاران پرسیاری بێ وه لاّم چووکه ره ی ده کرد.. ناچار وویستیان هه رچی زووه خه نجه ره که هه لّکێشنه ده ر.. هه ر یه که و خۆی له ویتربه وه ستاتر ده زانی؛ خۆی پێ تاقیده کردمه وه.. کات به فیرۆ؛ خه نجه ریش تا ده هات کاری خۆی ده کرد، تا گه ییه سه ر جه رگم و کار له کار ترازا..! ئیتر ئاسان نه بوو ده رهێنانی.. نه شده کرا په نا بۆ هیچ شوێنێک به رین. چۆن ئه وه ی خه نجه ره که ی ڕووچواندبووه سه ر گازه رای پشتم؛ نه زانراو له هاوکێشه ی گریماندا نادیار بوو. له ژووره قه له نده رخانه که مدا، به ناچاری و بێ ئومێدی به دوای یه کدا ده خولاینه وه، بێ ئه وه ی هیچمان له ده ست بێت. ئه وه ی هێنامیه پێکه نین؛ نیوه شمشالّه شکاوه ی بزربووه که بوو که به ده م براده رانه وه ده یانزه نی و میان دێنا هه په ڕاندن. زامی خه نجه ره که ش جه گی هاڕی بووم؛ ده رهێنانی مه ترسی شکانی ده سکی خه نجه ره که ی لێده کرا.